# نانەکەت بخۆ ، خواچاکی کا

( بەشی سێهەم )

## حاجی ئەنوەر 06.2005

بیرکردنەوەیەک کە زۆربەی جار سەرەداوەکانم لێدەئالۆزکاو گرمۆڵە دەبوون ، ئەوەی کە ئاشکرا بوو لەلام مرۆڤ لەم وولاتە ژێردەستەو داگیرکراوەی ئێمەدا و لە سایەی شۆڕشێکی لەباربراوی وەک ئەوەی ئێمەدا هیچ مانایەکی نیەو هەرزانترین کالایە ، ئەوانەی کە دەستەلاتدارن چ لەبەرەی ڕژێمدا و چ لەبەرەی شۆڕشدا حسانەیەکی غەیبی بەهێزو گەورەیان هەیە هەر بۆیە گوندنشینەکان دەلێن خواچاکی کا . موزەفەری حەمەڕەشیدخان بەئەسپێکی زینکراوی ئالو والاپۆش و بە برنەوی کولّ و فەقیانەوە لەناوچەی ژێردەستەلاتی بەعسەوە ( زەرایەن ) بێ ترس بێ خەم دێتە مالی کاک مارف ئاغا گەلالی ، نەک بەرێزەوە ئاخافتن لەگەلّ پێشمەرگە شۆڕشگێراکاندا ناکات بەلکو شەرت و شروت دادەنێت بۆ هاتنەدەرەوەی حەمەخانی حاجی دارا و بۆ بەشداربوونی لەو شۆڕشەی کە لەسەرەتادا وابریار بوو شۆڕش بێت ، شۆڕش بەومانایەی هەلتەکاندن و سەرەو نگومکردنی سیستەمی پێشو (بەتەواوی ماناوە) لەکاتێکدا حمەخان دەستی بەخوێنی دەیان کەس سوورە ، کاتێک بەعسیەکی دەم پیسی وەک شێخ هەورامان دەستگیر دەکرێت جگەلەرێزلێگرتنی و وەک میوانێک مامەلەی لەگەلّ دەکرێت ، پۆرتی چەند پێشمەرگەیشی لەسەر شکێنرا . لەکۆتایی ئەنفالە شومەکانی بەعسیەکاندا موستشارەکان ئازاد دەکرێن بە برێک پارەی کەم و پێشمەرگە خۆبەخشە ئۆپۆزیسیۆنەکانی بازرگانانی شەرِیش لەزیندانە بەقفلە بەداخراوی بەجێ دەهێلن تا ببنە نێچیری هێزە فاشستەکان .کاتێکیش هەندێک لە سەرانی یەکێتی( هێرۆ ئیبراهیم ، فوئاد مەعسوم ، عومەر فەتاح ) لەلایەن پارتیەوە لەشەڕی قارەمانانەی کورد کوشتندا لەلایەن پارتیەوە دەستگیر کران بەرێزەوە ئازاد کران بەلام ڕۆلەی هەژارانی کورد کەتاوەکو ئەم کاتەش 129 دەست بەسەریان دیار نیە و پێدەچێت ئەنفال کرابن ، دەستگیرکردنی سەدام و سەرانی بەعسی ئەنفال و کیمیاوی باران و سوتانی کوردوکوردستان نەک هەرخەو بوو بەلکو خەیالێکی هەموو چرکەیەکی مرۆڤی کورد بوو ، هەریەکەمان لەلایەن خۆمانەوە پێشنیارێکمان دەکرد بۆ دادگاییکردنیان ، وا سالّ تێپەری سالانیش تێدەپەرێت کەچی تائێستا بەفەرمی تاوانبار نەکراون و پێدەچێت چەندکەسێکیان تاوانبار بکرێن و ئەوانەی حەسانەی غەیبیان هەیە، دەستەلاتداران ، بە فێلێک لەو فێلانەی کە لەگەلّ ئەقلی دواکەوتوانەی کۆمەلگاکەمان دێتەوە ، لەبیرمانی بەرنەوە و ئازادییان بکەن . پێدەچێت هەر ئەو حەسانە غەیبیە بێت کە خەلکی گوندنشینەکان دەیان ووی خواچاکی کا . بەرێزم تۆش دوایی خوێندنەوەو چەند خولەکێک لە بیر کردنەوە نانەکەت بخۆ و خواچاکی کا . ئەگەر دەشزانی سەرەتایی ئەو خواچاکی کایە لەکوێوە دەستی پێکردوە و تا کوێ بڕەدکات !!!! ئەو گەورەییە لەخۆت بنوێنەو منیشی لێ ئاگادار بکە .